# وەڵاَمی پرسیارێکی غەمگین بۆڵی دەداتەوە

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



* لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەدەبی کوردی زیاتر لە بازنەی ناوچەگەریدا دەخولێتەوە، ئەمەش هەناسەکانی داهێنانی پچڕِ پچڕِ کردووە، ئایا ئەوە چییە وای کردووە ئەدەبی کوردی بەم قەیرانەدا تێبپەڕِێت، دەسەڵاتی سیاسەتی کوردیی تا چەند رۆڵی لەم قەیرانەدا بووە؟

وڵام:

ئەم پرسیارەی تۆ لەو رووەوە پرسیارێکی گرینگە کە وەك خەسارێك بەرۆکی ئەدەبی کوردیی گرتووە و بەتایبەتیی داهێنانی ئەدەبیی کوردیی وەدرەنگ خستووە. بە واتایەکی دیکە ئەو فەزا کولتوورییەی ئێمە تێیدا ژیاوین و ئێمەی گەیاندۆتە ئەم ساتە وەختەی ئێستا، شوێندانەرە لە سەر ئافراندنی ئەدەبی کوردیی و چۆنییەتی هەڵسوکەوتی زەینییەتی داهێنەرانە. ئەو کولتوورەی باسی لێوەدەکەم کولتوورێکە دەشێت داهێنان تێیدا رووبدا، ئەو داهێنانە ئەگەر رووی دابآ رەگ و ریشەی لە فەزای پاشخانی ئەدەبی کوردیدا داکوتاوە. بەڵام کە ئاورِ لە ئەدەبی کوردی و پێشینەی ئەو ئەدەبە دەدەمەوە، کە سەیری فەزای ئەو کولتوورە دەکەم کە ئێمە چاوەڕِوانیمان لێی هەبووە، رابوردوویەکی دەوڵەمەند و لەمێژینە نەبووە، کە بنەمای کولتووری داهێنانی رۆنابآ و چاوەڕِوانیمان لە پەروەردەبوونی زەینییەتێك بآ کە دەقێکی داهێنەرانەی ئەدەبیی بێنێتە ئاراوە. بە واتایەکی دیکە ئاورِدانەوە لە پێشینەی ئەدەبی کوردیی بە سەرنجدان بە نائامادەبوونی فەزای کولتووری داهێنان و دۆزینەوەی لایەنە دەستەوەستان و دەروون بینانە، کە تەنیا و تاك و تەرا دەرکەی دنیای بچووکی خۆی بۆ دۆزراوەتەوە، بەو دەرەنجامەمان دەگەیەنآ، کە پێویستە پێداچوونەوەیەکی رەخنەییانەمان هەبآ بە سەرلەبەری رابوردوو و ئێستای ئەدەب و کولتووری ئەدەبیدا. دەمەوآ بڵێم دەبآ خوێندنەوەیەکی جیدیمان هەبآ بۆ پاشخانی بەتایبەتیی ئەدەبی نڤیساریی کوردیی. تا ئێستا ئەوەمان بۆ روون بۆتەوە، کە لەم کولتوورە کەم تەمەنەی شکی دەبەین میراتێکی کرچ و کالڕ و بەلانی زۆرەوە کەم پێتمان بۆ بەجێماوە کە ئەمە بۆخۆی کاریگەریی سەرەکیی و راستەوخۆی لە سەر داهێنەران و بەگشتی بەرهەمهێنەرانی ئەدەبی کوردیدا هەبووە. تەنانەت ئاورِلێدانەوە و خوێندنەوەی بۆ نموونە دەقی مەموزینی ئەحمەدی خانی کە تەمەنەکەی دەگەڕِێتەوە بۆ پێنج سەد سالڕ نووسینی کوردیی. خوێنەری ئێمە، نووسەری ئێمە، شاعیری کورد لە کاتی بەراوردکردنی ئەدەبی نەتەوەکەی لەگەلڕ دەوروبەری، لەگەلڕ پێشینەی ئەدەبیی خۆی، تووشی دەستەوەستان و متبوونی دەبآ. هەرچی وزەی هەیە و شکی دەبا لە قوژبنی شکستەکان و تێکرِووخانی دەسپێرآ و پشت لە راستییەکانی ئەمێستای دەکا. رەنگبآ داهێنەرانی رابوردووی ئەدەبی کوردیی وەك ئەحمەدی خانی، نالی، مەحوی، ئەدەب.. بە پێی بارودۆخی ژینگە و هەلومەرجی کولتووریی ئەوکاتەیان بەرِاستی داهێنەری سەردەمی خۆیان بووبن و بەدوور بووبن لە فکری دەستەوەستانیی و بێدەسەڵاتیی ئەندێشە و بیرکردنەوە و بەربەرەکانیانیشیان کردووە. لەلایەکی دیکەوە دەکرآ ئەوەش لەو سەردەم بخوێنینەوە کە بە هۆی ئەو کەش و هەوا فکرییەی لەوکات و پێش ئەوانیش بە سەر خەڵکی ناوچەکەدا زالڕ بووە، بەهۆی ئەو ناوشیاریی و

نائاگاداریی و ناژیرییەی لەو سەردەم زاڵ بووە، داهێنان و گەشەی فکریی ئەو بلیمەتانەی ناومان هێنان دەکرا هەر لە بازنەی دەوروبەری خۆیان قەتیس مابآ و ئامادەییەکی نەزۆکانەی هەبووبآ. ئەگەر لەوە دڵنیا بین کە ئەدەبی پێشوومان، دەقی رابوردوومان، بەگشتیی پاشخانی کولتووریمان دەبنە خەزێنە و توێشووی ئەمێستا و داهاتوو، ئەگەر ئەو بەرهەمانە هێندە کەمن و ناتوانین بە متمانەوە ریزیان بکەین و تاك و تەرا بە داهێنان ناویان دێنین، بەرهەمەکانی ئەمڕۆش کە بە روانگەیەکی لێکۆڵینەوەیی و تێگەیشتوویی مێژوویی یان کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بیانخوێنینەوە، ئاوڕێکی جیدییان لێ بدەینەوە و لەگەڵ ئەدەبی ئەمڕۆژینی گەلاندا بەراوردیان بکەین، بەسەر دەستبەتاڵی و قاقڕێکی ئەدەبیی دادەکەوین.

با لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لەم خەسارە بڕوانین. لێرەدا باسەکەی ئێمە لە سەر نەبوونی دەقی ئەدەبی کوردییە، کە بتوانآ شان لە شانی ئەدەبی گەلانی جیهان و تەنانەت دەوروبەری خۆی بدا، بە جۆرێکی دیکە واتە دەق لە غیاب دایە. بەم شێوەیە نەتەنیا دەقی رابوردووی ئەدەبی کوردیی، بەڵکو دەقی هاوچەرخیشمان لەئارادا نییە. چونکە ئێمە بەرهەمێکی کلاسیکیی بەر لە خۆمان شك نابەین تا بتوانین بەرهەمی ئەمڕۆمانی پآ بەراورد بکەین یان چۆن دەکرآ بۆ نرخاندنی ئەدەبی هەنووکەیی پشت بە کولتووری رابوردووی خۆی ببەستآ. بەشێکی دیکەی ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خودی شاعیر و نووسەرەکان. راستە ئەگەر لەمیژینەیەکی هەژاری کولتووریمان هەیە، راستە پاشخانی داهێنانی ئەدەبی کوردیی ئەوندە نییە کە وەك خەزێنەیەك دڵی پآ خۆش بکەین و بتوانین رەگەزەکانی شوناسی خۆمانی تێدا بدۆزینەوە، بەڵام هاوشان لەگەڵ ئەمەش شاعیری ئێمە ئەو ئامادەییەی نییە بتوانآ داهێنەر بێت، مێشکی پەروەردەیەکی داهێنەرانەی هەبآ. بەردەوام خووی بەو جیهانبینییەوە گرتووە، کە چاوی خەڵکانی ئاساییش دەیبینآ، خەسڵەتەکان هەمان خەسڵەتی خەڵکانی رەشۆکین. هەر بۆیە دەشێت هەڵسوکەوتی بەرهەمەکەشی دواجار لەو فەزا سواوە دانەبڕآ و لە زەینییەتێکی سوونەت پەسەند و نەریتخوازانەدا دووپات دەکاتەوە.

دەمەوآ بڵێم، کە نووسەری ئێمە تەسلیمی فەزایەك بووە کە بە هیچ چەشنآ هەوڵی بۆ نەداوە ئاقارەکان بەرەو جیهانێکی دیکە بچآ بەرینتربێ، کەڵکەڵەی ئەوەی هەیە لە بەرتەسکیدا بخولێتەوە و دنیای بە ماڵی خۆی کەشف نەکردبآ، هەر بۆیەشە تا ئێستا نەیتوانیوە هەڵوێست بگرآ لە بەرامبەر هیچ کام لەو گرفتە فکرییانەی دێنە سەر رێی. چونکە پێش ئەوەی زەینێکی ئامادە بێت هەموو دنیا ببینآ و لانیکەم بەشێکی بناسآ، نەیتوانیوە بەناخی خۆیدا رۆبچآ، نەیتوانیوە لە جیهانی زەینیی خۆی بکۆڵێتەوە. تەنانەت ئەو کارەساتانەی بەسەری هاتوون هێندە بە ئاسایی کۆپیی کردوون و گێراوینەتەوە کە بۆتە بابەتێکی ئاسایی خەڵکی رۆژانە، لە سەر دەستی شاعیر و نووسەری ئێمە بارتەقای ئەو کارەساتە مرۆڤییە ئاسایی بۆتەوە، تا ئێستاش نەیتوانیوە تەعبیرێکی نوآ بە کارەساتەکانیشی بدا، نەیتوانیوە ئەم پرسیارەی سەر تەوێڵی مرۆڤایەتیی لە بانگەشەی درۆزنانەی سیاسییەکان دابماڵآ، واتایەکی نوآ لە خۆی و جیهانی خۆی وەکو ئوستوورەیەکی نوآ بە زەینی هەر مرۆڤێکی کە تۆ پێت شك دآ رۆ بکا.

باسێکی دیکە کە پێم گرینگە لێرەدا بیڵێم، دەگەڕێتەوە بۆ سەر شاعیر و نووسەر و بەگشتی بەرهەمێنەری ئەم بوارە. لەبیرمان نەچآ ئەدەبیات بۆ رابواردن نییە، بۆ بێتاقەتی و خۆ سەرقاڵکردن نییە و کاتە بێکارییەکانی پآ پڕ بکەیەوە. لە نێو دنیای داهێنان و بەتایبەتیی دنیای ئافراندنی ئەدەبیدا تۆ کە ناوی شاعیر و نووسەر بەخۆتەوە هەڵدەواسی ناتوانی وەك راپەڕاندنی کاری رۆژانەت چەند سەعات دیاری بکەی بۆ خۆخەریك کردن بە ئەدەبیاتەوە. دەبآ لەبەرامبەر ئەدەبیاتدا هەڵسوکەوتێکی بەرپرسانە لەئارادا هەبآ. هەڵسوکەوتی بەرپرسانە وەکو شاعیرێك، هەڵسوکەوتی بەرپرسانە وەکو چیرۆکنووسێك، وەکو رۆماننووسێك، وەکو رەخنەگرێك، تەنانەت وەکو بەردەنگێك. ئەمە واتە ئەدەبی جیدیی، دەبآ داهێنەری جیدیشی هاوڕآ بآ. لە سەر دەستی

ئەمەش بە گشتی ئەدەبیاتی جیدیش دەخولْقآ. ئەوەمان نابآ لەبیر بچآ کە ئەدەبیاتی جیدیی کۆمەلْێك لەمپەر و کۆسپ دێتە سەر رێی. باشترە بلْێم هەمیشە تووشی کۆمەلْێك سیستمی داخراو، هەلْسوکەوتی چەقبەستوو دەبێتەوە. ئەم جوولْە تۆکمە و قورس و گرژانە هەمیشە ئامادەن پێش بە گەشە و بەرەوپێشچوون و ئەزموونی نوآ و لە ئاکامدا دۆزینەوە بگرن یان لانیکەم ساردی بکەنەوە و بیپوکێننەوە، بیخەسێنن، نەزۆکی بکەن، لەباری بەرن. ئەدەبیاتی جیدیی لەدەرەوەی بازنە دیاریکراو و دەستنیشان کراوەکانە. بەردەوام بەرەو نەناسیاوی و نامۆیی دەڕوا. بەردەوام خوو خدە و عادەتەکان دادەمالْآ، واز لە خەسلەتە ئاشناکان دێنآ و ئەمە دەبێتە خەسەلەتی هەمیشەیی و سەرەکیی.

تۆ کە باسی شاعیر دەکەی، باسی چیرۆکنووس و رۆماننووس دەکەی، لە رەخنەگر دەدوێی، کاتآ دەپەرژێیە سەر بەرهەمەکانیان، دەبینی کە هەلْسوکەوتەکان، تێگەیشتنەکان، تێڕوانینەکان و لە سەروو هەموویانەوە زمانەکەیان بە پێی پێویست بە ناخی هیچ واتایەکدا رۆنەچووە. بەردەوام لە سەر خان و هێلْی ئاسۆیی تەعبیرەکاندا ئاشنایە و لێوەی نزیکە. ئەدەبی ئێمە، کولتووری ئێمە پێویستی بە ئەزموونێکە تەواو رەها بێت، تەواو شەخسی بێت. من لە ئەدەبیاتێك دەدوێم، لە رەفتارێك ورد دەبمەوە، کە شاعیر و نووسەر سەر لەبەری بوونی، گشت ژیانی بۆ دابنآ. واتە بە خەسلەتێك بگا کە من پێی دەلْێم خەسلەتی نووسەرانە و شاعیرانە. بە خەسلْەتی دەقەکانییەوە بیناسنەوە، بە هەلْسوکەوتی شیعر و چیرۆکەکەیەوە بیناسنەوە، تۆ بڕوانە، جیمز جۆیس زیاتر لە بیست سالْ ئۆلیسی لە ترسی فەوتان و دەسەلاْت وەدرەنگ خست، برسێتیی هەلْبژارد، بنەمالْەی برسیی کەوتن، زیاتر لە بیست سالْ ئازاری نامۆیی خۆی و بنەمالْەکەی چێشت و رووت و رەجالْ مایەوە. بەلاْم ملکەچی هیچ ئۆتۆریتەیەك نەبوو، نای بە خواستی دەسەلاْت کوت و ئەمێستاش لە شاکارە ئەدەبییەکانی جیهانە. ئەی تۆ، بەڕاستی چەند شاعیر و نووسەرت پآ شك دآ، چەند رەخنەگرت لە رووی بابەتەکانیانەوە پآ شك دآ، جەخت دەکەمەوە چەند بابەتی رەخنەیی دەناسیی کە بەرهەمهێنەرەکانیان بەم چەشنە بەرپرسانە لە هەمبەر ئەدەبیات و دنیای ئەدەبیی دەوروبەرمانەوە جوولاْبێتنەوە و ئەرکی خۆیان ناسیبآ؟ ئەگەر ئەوە نییە، واتە هیچ نەناسراوە، هیچ لە لای ئێمە کەشف نەکراوە، واتە نووسەرێکی بەو خەسلْەتەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد بەدی ناکرآ، لە ئاکامدا هیچ نەنووسراوە، چونکە شاعیر نییە، رەخنەگر نییە. سەیری جوولْە و رەفتارەکان بکەین کۆمەلْێك بازرگان دەبینین، یان راپەڕێنەری کۆمەلْێك ستراتیژی سیاسی و بازرگانین بەدەر لە ئەدەبیات، لە بنکە بەناو ئەدەبییەکاندا سات و سەودا و بازرگانی بە ئەدەبیات دەکەن. بەردەوام رۆژانە لە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەم ولاْتە ونەدا هەموو کەس شاعیرە، هەموو کەس نووسەر و رۆشنبیرە، رەخنەگرە یان هەر ناوێکی تۆ پێت شك دآ و منی خوێنەر لێی بێزارم، دەیانەوآ و شەڕی بۆ دەکەن کە لەبەرامبەر کۆمەلْێك کەسدا، لە بەرامبەر شاشەیەکدا لە ئەدەبیات بدوێن، بەلاْم نازانن بابەتی بەرباس چییە! یان نایانەوآ بزانن چییە یان باشترە هەر نەزانن. بەڕاستی چۆن دەکرآ ناوی لێکۆلْەر، ناوی نووسەر و پسپۆڕی ئەدەبیات بە خۆیانەوە هەلْواسن، بەلاْم قسەکان گشتیان نیشانەی نەفامی بن، بە نەفامی وشەکان ریز بکرێن و باسی شتی نەناسراو بکرآ راپۆرتی بانگهێشت و سەفەرە ئاسمانییەکانیان بەسەروچاوی بەردەنگ دادەن، دیاریشە بەردەنگیش گێل دەبآ، لە نەفامیدا دەمێنێتەوە و بەردەوام بە نەفامی کاوێژی نەفامییەکان دەکاتەوە.

بابەتێکی گرینگی دیکە کە رێگری جیدییە لە سەر رێی بەزاندنی سنووری ناوچەگەریی و قەتیس مانەوەی ئەدەبی کوردیی لە بازنەی بەرتەسکی بیرکردنەوەی کوردیدا، قبولڕکردنی هێلْەکانی سانسۆر و بەناو بڤەیە کە کاریگەریی گرینگی لەسەر شاعیر و ئەدیبی ئێمە داناوە, خۆبەدەستەوەدان بە دەستدرێژیی هێزێك لە هەموو رووێیەکەوە، خەمساردی و دەستەوەستان بوون

لەبەرامبەر قەدەغەبووندا، قبوولڕکردنی کۆیلەبوونێکی ئیختیاریی دەشێت هەمان پەسندکردن و ئەرآ کوتن بآ بە هێزی دەستدرێژیکار. پێناسەی ئەو هێزە دەکرآ دەسەڵاتێکی سیاسی، هێزێکی ئابووری، دابونەریتی خێڵەکی و گوندیی و کولتووری نەریتی و سەلەفیی بآ، کە تۆی شاعیر لەبەرامبەریدا ملکەچە. بوونەوەرێکی وەها هێڵەکانی سانسۆڕی قبوولڕ کردووە، بۆخۆی دەبێتە دەستدرێژیکارێکی دڵڕەق. بۆ ئەدەبی کوردییش کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا و کولتوورەکەیەتی هەر ئاوایە. سیستمی ئەدەبیاتی کوردیی لە بازنەی پارێزگاریی لێکراودا دەخولێتەوە. نووسەری کورد لەبەرامبەر ئەمرکردنی بڤەکانی یاسای ئایینی، کۆمەڵایەتیی، سیاسی، نەریتیی، ئەدەبیی بەکردەوە دەکەوێتە دۆخی بەڕێوەبەری هەمان یاسا. نووسەر و شاعیر هەمان چاوەدێری یاسایە. یاسا دەیەوآ سنووری دیاریکراو نەبەزێندرآ، زمان لە هەرێمی ڕێزمانیدا نەترازآ. بۆیە ئەو چەشنە ملکەچبوون و ڕازیبوونانە کەسایەتیی ئەدەبیی والێکردووە بەردەوام لە جەغزی شارەکەی خۆی دوور نەکەوێتەوە. واتە جیهانبینییەکەی هەر ئەو مەودایەیە کە پێی شك دآ و عادەتی پآ گرتووە. دیاریشە بە رادەی ئەم جیهانبینییەش کە هەیەتی بازنەی وشەکانیشی کەمن. بچووکن. بەرتەسکن. ئەگەر نووسەری کورد و بەتایبەتیی شاعیر لە بەرامبەر زمانی بژیودا، زمانی سواو و عادەت پێکراودا، زمانی قسەکردنی ئاساییدا، لە بەرامبەر زمانی ڕەشۆکیانەدا ڕانەوەستآ و دڵەڕاوکآ بۆ پارێزەرانی نەریتی ئەدەب نەخوڵقێنآ، ناتوانآ زمانی شیعر لە عادەتەکان دابماڵآ، ناتوانآ لە واتای ڕاستەوخۆ و تاك هێڵیی زمان دوور بکەوێتەوە و هەر بەم پێیەش بەرهەمەکەشی لە سنوورێکی بەرتەسکدا دەمێنێتەوە.

تەنانەت دەربازبوون و تێپەڕاندنی سنووره جوگرافیایی و گوێزتنەوەی شوێن و ژینگەش بۆ شاعیر و نووسەر گرینگن. ئەگەر بلیمەت و ناودارانی جیهان لە سنووری دەستنیشانکراو و دیاریکراوی تەنانەت شوناسی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە و ڕایانکردووە، بۆ کەسایەتیی کوردیش هەر ئەوندە و بگرە زیاتریش گرینگە و دەبآ بەوە بگا کە لە سنووری بآ شوناسیی خۆیدا ڕابکا، هەر دوور نەڕۆین سادیقی هیدایەت کەڵە نووسەری فارس، سنوور دەبەزێنآ و بۆ نووسینی "کوندە بوو" دەچێتە هیندستان. جیمز جۆیسی ئیرلەندیش ساڵی 1902 ئەو کاتەی تەمەنی بیست ساڵڕ بوو، بە هەستی شەهید و قوربانیی کۆمەڵایەتی، دوبلین بەرەو پاریس بەجێدێڵآ و تەنانەت پاسپۆرت وەرناگرآ هەتا بۆ هەمیشە هەستی کۆچەری و قوربانی بوون لە خۆیدا بە زیندوویی بهێڵێتەوە. ئەمە ڕەوتآ دەخوازآ کە بۆ نووسەری جیدیی لە نێو زماندا سەرهەڵدەدا، لە نێو ئەزموونددا دێتە ئاراوە، لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی لەگەڵ هەموو شتآ دەردەکەوآ کە دەتوانن ببنە هۆی ئامادەبوونی زمانی نوآ و هێڵی جیاواز بە ئاستی جۆراوجۆرەوە دروست دەبن و لەوەش زیاتر کراوەییەکی ڕەها ڕوودەدا.

1. بەڕای بەڕێزت پەیوەندی زمانی ڕاستگۆیی و ڕۆحی ئێستاتیکە، تا چ ئەندازەیەك کاریگەرە بۆ گیانی بەرهەم هێنەری شیعریەت، لەکاتێکدا ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی: ڕاستەقینەیەکی پڕِ وەهمە، تۆ ڕِوانینت بۆ ئەمە چییە؟

2. ئایاپێت وایەبەشێوەیەکی گشتگیرنووسیارانی ئێمە زیاتر پشتیان بەروانینی هەستییانە بەستبێت، نەوەك ڕِوانینی ئەقڵانی؟ لەکاتێکدا زۆربەی دەقەباڵاکانی دونیا زادەی مەعریفە و ئەقڵانین، نەوەك ئیلهام و ڕِوانینی هەستییانە؟

پێش هەموو شتآ من لەگەلڕ پرسیارەکەت کێشەم هەیە. پرسیاری تۆ لەچی دەپرسآ؟ چۆن دەپرسآ واتە پێشتر حوکمی داوە و لە لای خۆی، وەڵامی دەستەبەر کردووە، ئەی ئەگەر وایە و وەڵام ئامادەیە بۆ پرسیار دەکرآ؟ لە چییەتیی پرسیارەکە تێناگەم. واتاکان چۆن بەکار هاتوون؟ شێوەی پرسیارکردنەکە حوکمی تێدایە واتە تۆ وەڵامت داوتەوە و پرسیارەکردنەکە لە نەفسی خۆیدا مردووە و ئەگەر وایە دەکرآ دیالۆگێك لەگەلڕ بەردەنگی پرسیارەکەدا ساز بکرآ؟ من ئەم دوو

پرسیارەی تۆم لە پەنای یەکتری داناوە هەتا چەند جۆریی ئەرکەکانی سەر شانی خودی پرسیارەکەم بۆ روون بێتەوە. بەڕاستی ئەم چەشنە گشتی پرسیارکردنە ئایا دیالۆگ کراوە دەکا؟ کام شاعیر و نووسەر دەگرێتەوە؟ ئەرکی وەڵامدانەوە دەخرێتە سەر شانی کآ یان کآ وەڵامدانەوەی وەئەستۆ گرتووە؟ ئایا دەکرآ منێکی نووسەر، منێکی شاعیر، منێکی رەخنەگر یان خوێنەر هاوکات ببمە فرە پسپۆڕ و هەموو شتزان یان دەتوانم خۆ لە قەرەی هەموو وەڵامەکان بدەم؟ بەڕاستیی ئاستی وەڵامەکان چۆن دەبآ؟ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم باسە، لێرەدا لەگەڵ زاتی حوکمدان لە پرسیارەکەی تۆدا بەکێشە نایەم کە بۆ نموونە شیعر راستەقینەیەکی پڕ لە وەهمە، یان بەڕاستی رۆحی ئیستاتیکا چییە و لە چ شێوە جەستەیەکدا هەیە و پێوەندیی لەگەڵ زمانی راستگۆیی چۆنە یان ئەوەی کە دەقەکانی دنیا هەموو ئەقڵانین و شتی لەم بابەتە.

با لە مرۆڤەوە بآ و بواری خوێندنەوەکەم دەستنیشان بکەم. مرۆڤ هاوکات هی دوو دنیایە. دنیایەك کە تێیدا دەژیی، واتە دنیایەك کە دەکرآ پڕ بآ لە دار، لە بەرد، ئاو، دەنگ، رەنگ، شار، ئاژەڵ، مرۆڤ و هەرچی تۆ شکی دەبەی و ئەوی دیکە بە بوونەوەری دەناسآ. لەم دنیایەدا هەر مرۆڤێك بەشێکە لە پێکهێنەرانی و هەمووان دەشێت تێیدا بەشدار بن. تێیدا دەست بەسەردابگرآ و دەستی بەسەردا بگرن، داگیر بکا و داگیری بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەمە دنیایەکی دیکە شك دەبرآ کە مرۆڤ لەگەڵی دەژیت. با بڵێین دنیایەکە کە تەنیا پێوەندیی لەگەڵ کەسێك هەیە و تایبەتە و هیچ کەسی دیکە ناتوانآ تێیدا بەشدار بآ. دنیایەکە کە بەشێکی بەرین لە پێداویستییە دەروونییەکانی مرۆڤ، نیازە زەینییەکانی ئەوی تێدا دەدۆزرێتەوە. دنیایەکە کە مرۆڤ لەوێدا هەست بە بوونی خۆی دەکا و پێناسەی خۆی وەردەگرآ. ئەم دوو دنیایە سەرەڕای هەموو تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە خۆیانەوە، بەجۆرێك پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە کە بوونەتە پێکهێنەر و پەرەپێدەری یەکتریی، دەکرآ بڵێین بوونەتە خوڵقانی جیهانێکی سێیەم کە ئەویش مرۆڤ بێت. رۆڵی مرۆڤ لێرەدا وەکو پردێکی پێوەندیی دەجووڵآ و بەردەوام هاتوچۆیان تێدا دەکا. لەو دنیایەی تێیدا دەژیی ئەوندەی مەعریفە و تێڕوانینی ئەقڵانی رۆڵ دەگێڕآ، هێندەی پەیوەندییەکان لە رووی وشیارییەوە کۆد دەنێرن و کۆد وەردەگرن، ئەوندەش تێڕوانینی هەستیانە دەکرآ گرینگ بآ بۆ ئەو دنیایەی هەر کام لە ئێمە لەگەڵی دەژین. بەم پێیە ئێمە لێرەدا باسی جیاوازیی روانینی ئەقڵانی و روانینی هەستیانە ناکەین. لە متمانە پێکردن و بێناوەرۆك بوون نادوێین، با لەو پەیوەندییانە بدوێین کە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتیی لەگەڵ مەعریفە و هەست و سۆزدا هەیەتی. راستە بەشێکی بەرچاو لە شاکارە ئەدەبیەکانی جیهان تەمهیدەکانیان، پەیوەندییە واتاییەکانیان لەگەڵ جیهانی دەوروبەر، تێڕوانینە رەخنەییەکانیان، پەیوەندییەکە ئەقڵانی، ئەو پەیوەندییەیە کە راستەوخۆ لەگەڵ سوننەت بەکێشە دآ، لەگەڵ کۆمەڵگا بە نەریتەکانییەوە ناسازآ. بەڵام ئەو تێڕوانینەی ئەدەب بۆ مەعریفە هەیەتی، تێڕوانینێکە دەیەوآ لە رێگەی ئەدەبەوە مەعریفە بناسآ، لە رێگەی ئەدەبەوە کەشفی دنیا بکا. ئەم پەیوەندییە لە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیکە ناچآ. پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی نییە کە دەکرآ لە نێوان مرۆڤ و سیستمێکی بەرهەمهێناندا هەبآ، لە جۆری مرۆڤ و ماشێن نییە، یان لەو پەیوەندییە نییە کە ئەوەی دەکرآ لە ئەدەبدا شکی ببەی لە نێو زەینییەتدا نوقم بێت یان لە نێو ئەقڵانیەتدا بتوێتەوە.

لەبیریشمان نەچآ کە ئەم پرسیارەی تۆ لە کۆنەوە و ئەوەی روون بآ لە دوو هەزار ساڵ لەوە پێشەوە بە بەردەوامیی مشتومڕی لەسەر کراوە. بگەڕێینەوە سەردەمانی ئەفلاتوون. ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا، لەو کتێبەدا کە تێیدا باس لە سیستمی ئارمانجی دەکا، باسی بەرنامە و گەڵاڵەکردنی تێدا دەکرآ، لە دەوڵەت دەدوآ. هومێر و شانۆنامەنووسی مەزنی ئەسینایی بۆ هەمیشە لە دەوڵەت دەتارێنآ و هەنگاونانی شاعیرانیش بە تەواویی بۆ دنیای یۆتۆپیایی خۆی قەدەغە و لەوێیان شاربەدەر دەکا. واتە ئەم ململانێیە یان باشترە بڵێم ئەم بەپرسبوونە لەئارادا هەبووە و هەنووکەش لە نێوان فەیلسوفەکان و ئەدیب و شاعیراندا لە ئارادایە.

لەئارادابوونی هەست و سۆز راستییەکی حاشاهەڵنەگرە و لە ناخی شەخسێکەوە سەرهەڵدەدا و ئەویش بە پێی ئەو بارودۆخەیە کە بەسەریدا زاڵە، ئەو هەلومەرجەی تێیدا هەستەکان دەردەبڕدرآ. تۆ سەیر بکە، ئەو هەست و سۆزەی کە ئێستا بۆتە پرسیاری تۆ و ئاراستەی من کراوە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەهەڵە واتای وەهمی بەسەردا سەپاوە و لە پرسیارەکەی تۆشدا رەنگی داوتەوە. هەر وەك گوتم ئەو شوێنەی تێیدا دەژیی، ئەو سەردەمەی تێیدا سەرجەم بوونەوەران و جووڵەی شوێنێکی دیاریکراوی وەخۆ گرتووە، ئەو باردۆخەی زاڵە بە سەر هەموو پاژ و خانەکانی بووندا، گشتیان شوێن دانەرن لە سەر هەست و ئەو سۆزەی دەردەبڕدرآ و من لێرەدا راستەوخۆ هەنگاو دەنێمە نێو دنیای شیعرەوە کە بابەتی بەرباسمانە. ئەو هەست و سۆزەی پێمان وایە لە شەخسێکدا رەنگ دەداتەوە لە فۆرمی شیعردا بە بوون دەگا. دەبآ ئەوەمان لەبیر نەچآ کاتآ باسی شیعر دەکەین لە دنیایەك دەدوێین کە تێیدا بابەت لە مێشکی ئەو کەسەدا خۆی نەگرتووە کە تەواوی دنیا بە رەش و سپی دەبینآ، رەنگی دیکە شك نابا یان نایانناسآ. باسی ئەو کەسە نییە کە ناتوانآ هیچ چەشنە پەیوەندییەك لە نێوان دەرهاویشتەی مێشکی و دنیای دەروبەریدا ساز بکا. شاعیر و ئەدیب هەولڕ دەدا پێوەندیی نێوان راستەقینە و خەیاڵکردن بناسآ و دەستنیشانی بکا و پاشان شی بکاتەوە. شیکردنەوەی ئەو راستەقینەیەی کە لە لای شاعیر و ئەدیبی جیدیی نە ئەو راستەقینە گشتی و سادەپەسندەیە کە هەمووان پێی دەزانن و نە خەیاڵکردنی ئەو بارودۆخەیە کە کەشف دەکرآ. لە مەڕ ئەم پەیوەندییە تەنانەت کانت پێی لەسەر ئەوە داگرت کە فەیلسوفان بۆ تەفسیری جیهان دەبآ لەسەر ئەندێشە و بینینەکانی هونەرمەندان لێکۆڵینەوە بکەن و هەر ئەم بیرەش بوو کە بووە ژێدەری ئیلهامی رۆمانتیسیزم. ئەم تێکەڵاوبوون و پەیوەندییە نزیکەی نێوان خەیاڵکردن و بیرکردنەوە لە قوتابخانەی رۆمانتیکدا بە لوتکە گەیشت. ئەم پەیوەندیەی نێوان فکر و خەیالڕ تەنیا لە بەستێنێکدا بە تەواوی دەردەکەوآ و رەوتی کارتێکردنیان لە سەر یەکتردا ببیندرآ. بەکورتی دەڵێم لێرەدا باس باسی زمانە، باسی ئەو رووداوەیە کە رۆمن یاکوبسۆن نوێنەری بەرچاو و ناسراوی فۆرمالیستەکانی روس کە بە پێی دەستکەوتەکانی زمانناسیی پێکهاتەخواز هات تیۆریی ئەدەبیی دارِشت، گوتەنی لە هێرشێکی گەڵاڵەدار و وشیار بۆ سەر زمانی رۆژانە بەدی دێت. من بە هیچ چەشنآ لەگەڵڕ ئەو بیروبۆچوونە نیم کە دەیانەوآ شیعر بە هەبوونی ئامانجێکی لەوپەڕی زمان یان مەبەستێکی جیا لە زمان پاساو بدەنەوە. واتە ئەگەر شیعر یان بابەتێکی ئەدەبی و هونەریی بارگاویی نەبێت بە مەبەستە ئایدیالۆژییەکانی ئەوان، ئەگەر هەڵگری دروشم و بانگەشەکانی ئەوان نەبن شەرمەزار دەکرێن. بەردەوام بیر لە یەکرِەنگ کردنەوە و یەکدەنگ کردنەوەی هەموو رەنگ و دەنگە جۆراوجۆرەکان دەکەنەوە. کە دیارە لەئاکامدا ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە هێزی پاڵنەر و داهێنەرانە دەکوژآ. مەبەستم ئەوەیە هەرچی کە لە شیعر دەخوازرآ لە زماندا رەنگ دەداتەوە واتاکانی تێدا دەدۆزرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئاراستەی بۆچوونەکانی ئەوان، ئارِمانجەکانی ئەوان لە شیعر یان هەر بەرهەمێکی دیکەدا بار نەکرآ، ئاراستەیەکی دیکە بۆ سنووردارکردنی ئەدەبی جیدیی و لە سەرووی هەموویەوە شیعر دەگرن. ئەم نەریتخوازانە بە بیانووی شێوان و ئاڵۆزیی زمان بیرکردنەوە لە دەقی داهێنەرانەدا رەت دەکەنەوە، واتە دەقێکی شیعریی کە پێوەندیی بە مەعریفەوە هەبآ. دەیانەوآ بیسەلمێنن کە دەقی ئەندێشەکراو پێشتر گەڵاڵەی بۆ کراوە. من بۆ کۆکردنەوەی باسەکە کەڵك لە بۆچوونێکی ژان بودریار وەردەگرم کە پەیوەندیدارە بەم پرسیارەوە. بودریار واتای مەزنترین راستەقینە بەکار دێنآ بۆ هێنانەبەرباسی بیرورِاکانی. بە وتەی ئەو واتای هاوشێوەسازیی بە چەشنێك ئاماژە بە راستەقینەی سەڵت و دابرِاو لە عەرد دەکا کە وەکو بەدیل دەبآ بە جێگرەوەی راستەقینەی سەرەکیی و عەینی و ئاوات و هیواکانی مرۆڤ بەدی دێنآ. ئەزموون بە یارمەتیی راستەقینەی سەڵت بە فۆرمێکی نیشانەیی بەڵام بەدیل و وێنایی دەگا. لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بەوەش دەکا، کە لەم کەشوهەوا خۆبەرِێوەبەرەی

نیشانە سەڵتەکان وێنای سەڵت خۆدەگرآ و بە ئاوێتەبوون لەگەڵ نیشانەی خەون و خولیا و مەیلە شەخسییەکان دەرفەتی بەدیهاتنیان دەبآ. بەکورتی، شیعر لە سەردەمی ئەفلاتوون و بەرلەویشەوە بەردەوام هەوڵ بۆ شەرمەزارکرانی دراوە. بەڵام شیعر هەر زیندووە و هەمووانیش هەر لێی بێئاگان. من لەگەڵ ئەوەم کە شیعر بەرهەمی حاڵەت و هەڵچوون و داچوونەکانی دەروونی وشیاریی شاعیرەکەی نییە و بازدانی ناخی ناوشیاریشی لەگەڵە. ئەو پەیوەندیەی شیعر لەگەڵ مەعریفەدا دەکرآ هەیبآ تاکە زەمانێکە کە رەخنەی هاوچەرخ بەگشتیی دەتوانآ بیناسآ و لەگەڵی رووبەرِوو بێتەوە، قۆناغێکە کە شاعیری پێوە گرآ دراوە، ئەو قۆناغەیە کە زەمانی ئەزموونی شاعیرانە تێیدا روودەدا. ئەمەش کاتێکە کە یەکێك لە سەرنجراکێشترین رەهەندەکانی شیعر دەستەبەر دەبآ و پرسی ئەزموونی شیعریی دێتە ئاراوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەو کاتەی شیعرێك دەئافرێندرآ و دێتەر سەر کاغەز واتە تۆمار دەکرآ، هاوکات خوێنەریش سەرهەڵدەدا و بۆی دەستەبەر دەبآ. لەوسەرەوە من باسی خوێنەرم پآ گرینگە و لێرەدا زەقی دەکەمەوە و دەمەوآ پێتی بڵێم، کە ئەو مەعریفەیەی ئاوێتەی شیعر دەبآ، ئەو هزر و بیرکردنەوەیەی لە شیعر چاوەروان دەکرآ جیاوازە لەو بیرەی کە زانستێك دەبێتە هەڵگری، یان میدیایەك دەیگوازێتەوە. بۆ جۆرێکی دیکەیە، گواستنەوەکە لەویترە، شیعر کردەوەی گوتاریی لە ئاستێکی سەرتر لە گوتاری زمانی ئاسایی بەکار دێنآ. شیعر بە دوای ئەوەوە نییە کە زانیاریی و هەواڵ و فۆرمۆلەکردنی زانست لەوپەڕی واتای خۆی، لەولای زمانی شیعرییەوە بگەیەنآ. تێروانینی نوآ لە شیعر و زمانی شیعریی کە دەبێتە هەڵگری مەعریفە دەشێت بەم چەشنە بێت، کە وشەکان لە شیعردا نابێتە کەرەستە و ئامرازی گەیاندنی راستەوخۆی مانا و بیرکردنەوەکان. ئەمەش هەمان فکرە کە لە هزری پاش پێکهاتەخوازاندا بە بنچینە بووە و بۆتە خەسلەتێکی فکری و هزریی سیستماتیك.

* خاوەنی ئەم کتێبە چاپکراوانەشە:

1. پرسەکانی مۆدیرنیزم، کۆمەڵە وتار، وەرگێڕان، پرِۆژەی کۆلێژی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر - 2009.
2. ژیان و کەسایەتیی کافکا، وەرگێڕان 2007 - دەزگای ئاراس.
3. بەزاندنی سنوور، کۆمەڵە چیرۆکی جۆیس کەرۆل ئوتس، وەرگێڕان 2007 - دەزگای ئاراس.
4. قەرتاڵەیەك پرِ لە رۆژ باش، شیعر، یانیس ریتسوس، وەرگێڕان 2007 - دەزگای ئاراس.
5. نیچە و سەرچاوەی چەمکی مۆدیرنیزم، وەرگێران 2007 - دەزگای ئاراس.
6. دنیای راستەقینەی دیموکراسی، وەرگێڕان 2005 - دەزگای موکریانی.

* ئەم کتێبانەشی ئامادەی چاپن:

1.ئەو رۆژی ستالین مرد، کۆمەڵە چیرۆکی دوریس لێسینگ، (لە ژێر چاپ).
2.فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و هونەریی (نووسین و ئامادەکردن).
3.لە مۆدێرنیزمەوە بۆ پۆست مۆدێرنیزم (وەرگێڕان).
4.کۆمەڵە چیرۆکی توبیاس وۆڵف.
5.تیۆری ئەدەبیی، رامان سیلدۆن، (وەرگێران)
6.کۆمەڵە شیعری (گفتوگۆ کورتەباڵاکان)، ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

سەرچاوە:

http://www.nwseran.com/index.php?option=com_content&view=article&id=125%3Aismailzada&catid=11%3Ameeting&Itemid=201